# کەرکووك لە کۆنگرەی لەندەن

فایەق سەعید

دەسەڵاتی کوردی یا بەشێوەیەکی روونتر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بانگەشەیەکی یەکجا گەورەیان بۆ کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی کرد. رەنگە لەبەر ئەوەبێت خۆیان بەچاوێکی دیکەوە تەماشا کرابن یا لەبەر ئەوەی ئەم جارەیان عەرەبەکان ستایشێکی زۆری ئەوانیان کردووە. بەڵام بۆ ئێمە وەکو کورد هیچ یەکێك لەوانە سەرکەوتن نیە و ناچنە خانەی بەهەم هێنانەوەیەکی فیکری سیاسی کوردییەوە و هیچ لە بارودۆخی ئێمەی ناگۆرێ. با ئەوەندەی تریش لەگەڵ عەرەبەکاندا لەخۆبوردوو بن و سازش بکەن، ئەوە بۆ ئەوان گرینگە نەك بۆ ئێمەی کورد. لەم وتارەمدا من لەنێو خاڵە لاوازەکانی ئەو کۆنگرەیەدا تەنها پەنجە بۆ دوو خاڵی هەرە لاواز رادەکێشم، ئەویش مەسەلەی فیدراڵیزم و دۆزی کەرکووکە کەدوو شتی حەیاتین بۆ ژیانی ئێمە.

لەو گۆنگرەیەدا داهاتووی کورد خرایە بەر مەترسییەکی گەورە و لەجاران زیاتریش چارەنووسمان نادیارکرا. من بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە هیچ سەرکەوتنێکی گەورە لەو گۆنگرەیەدا نابینم وەکو ئەوەی دەسەڵاتی کوردی بانگەشەی بۆ دەکات. یەکێك لەخاڵەکان کە فیدرالیزمە زۆر کاڵ و گوێ کراوەو بەهیچ شێوەیەك کۆنگرە ناڵێت کورد بەدڵنیاییەوە لەچوارچێوەیەکی فیدراڵدا ژیان دەباتە سەر. بەڵکو فیدراڵی خراوەتە ژێر دەستی تەواوی دانیشتووانی عیراقەوە، چونکە فیدراڵی وەك ئەبراهام لینکۆڵن دەڵێ بریتییە لە شوکردن و ژنهێنانێکی یاسایی، بەبێ رەزامەندی هەردوو کورد و عەرەب ناکرێ فیدراڵی بێتە ئاراوە. بۆ هەمووشمان ئاشکرایە کە میللەتی عەرەب هەرگیز بەوە رازی نابێ. ئەمەیان لەروانگەیەکی نەتەوەیی تەسکەوە ناڵێم، بەڵکو لەبەر رۆشنایی مێژوویەکی دێریندا دەڵێم کە عەرەب هیچ شتێ بە میللەتە ژێر دەستەکانی خۆی رەوا نابینێ. گەرانەوە بۆ نووسینی قەڵەمە ئازادەکانی عەرەب لەکاتە جۆراو جۆرەکاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە تەواوی عەرەب لەبەرامبەر کوردا لە عبدالباری عەتوان باشتر بیر ناکەنەوە.

من دڵنیام لەوەی دوای روخانی رژێمی بەعس، عەرەبی عیراق لەباشترین بارودۆخدا ئۆتۆنۆمییەکی شەرمن بەکورد رەوا دەبینێ. هەرگیز ئەو بروایەشم بە سەرکردەکانی خۆمان نیە کە پێ لەسەر شتەکان دابگرن و سازش نەکەن. مێژووی گفتوگۆکانی سەرانی کورد لەگەڵ عیراقدا ئەوەی دەرخستووە کە سازش کردنێکی شەرمنانە شتێکی ئاساییە. ئەو کاتە کورد هیچ گەرەنتییەکی نیە بۆ ئەوەی ژیانێکی باشی لەداهاتووی عیراقدا هەبێ، جگە لەوەی وەکو هەر میللەتێکی تر لەناو عیراقدا بژی. لەم کاتەدا کە کورد بەهێزترین فاکتەرە شکستێکی گەورەی بەدەست هێنا و نەیتوانی هیچ شتێك گەرەنتی بکات، ئایا دەکرێ ئێمە وەکو میللەتێك لەناو عیراقێکدا کە دوای سەدام چەندین فاکتەری بەهێزی تێدا دەبێ دڵ بەوە خۆش بکەین کەسەروەری خۆمان بپارێزین.

گرفتێکی گەورە لێرەدا ئەوەیە سەرکردەی کورد خۆی داوای هیچ شتێکی گرنگ ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە داوای ئەوە دەکات دەست لەم تاقیکردنەوەیە هەڵبگرێ و بچێتە ژێر دەسەڵاتی عەرەبی عیراقەوە. ئەو عەرەبەش مەلا بەختیار ووتەنێ تەنانەت بەناوهێنانی ناوی کوردستانیش رازی نەبوون و پێیان لەسەر (شمال العراق) دادەگرت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە دوای رەتکردنەوەی فیدراڵی لەلایەن عەرەبەوە کورد چی دەکات؟ یەکێك لە ئەڵتەرناتیفەکان قبوڵکردنی ئۆتۆنۆمییە، ئایا ئەودەمە کورد وەکو میللەت وەکو مەڕ دوای سەرکردەکانی دەکەوێ یا نا؟

مەسەلەی دووەم کە شتێکی هەرە گرینگە بۆ کورد و چەندین ساڵە خەباتی بۆ دەکات دۆزی کەرکووکە. بەهەزارەها شەهیدمان داوە لەبەر ئەوەی ناسنامەی کرکووك بپارێزین وەکو موسل- ی لێنەیەت، بەڵام سەرکردەی کورد زۆر بەئاسانی لە لەندەن دەست بەرداری ئەو مەسەلە گرینگە بوون و بەهەندێ دروشمی تەمومژاوی دەیانەوێ خەڵك رازی بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان بەر لەگۆنگرە لەسەر ئەوە سوور بوو کە کەرکووك دەبێ بکرێ بە پایتەختی کوردستان و بەرگرییەکی زۆری لەسەر ئەوە دەکرد و ئەو هەڵوێستەشیان بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ تورکیادا. راستە لەبەرژەوەندی ئێمەدا نیە دوژمنەکانمان هار بکەینە گیانی خۆمان، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبێ ئەو دوژمنانە پەیامێکی

www.kurdistannet.org

روون لەئێمەوە وەربگرن. پەیامی سەرکردەی کورد هەرگیز روون نەبووە، یا بەگەشتن بۆ پایتەختی ئەو وڵاتانە لەو پەیامە روونانە پەشیمان بوونەتەوە. من لەو باوەڕەدام دەبوایە سەرکردەی کورد کە لەوپەڕی بەهێزی دابوو لە لەندەن پێیان لەسەر کرکووك دابگرتایە و هەرگیز لە کوردستانی بوونی ئەو شارەی هەزارەها شەهید گیانیان بۆی بەخت کردووە، پەشیمان نەبوونایەتەوە. خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی بەیاننامەی ئەو کۆنگرەیە ئەوە دەردەخات کەچارەنووسی کەرکووك- یش خراوەتە ژێر دەستی عەرەبەوە و دەبێ ئەو بڕیاری لەسەر بدات. جا کێ ناڵێ چارەنووسی سلێمانی و هەولێر- یش لە داهاتوودا ناخرێنە ژێر دەستی عەرەبەکانەوە!

ئەوەی من لەو بەیاننامەیەدا دەیخوێنمەوە کورد لەباشترین بارودۆخدا ئۆتۆنۆمییەکی شەرمنی دەست دەکەوێ و دەبێ پێشی رازی ببێ، ئەگەرنا دەبێ بچێتەوە شاخ. فیدراڵیزم (کە من لەگەڵی نیم) و دۆزی کەرکووك دوو شتن پەیوەندییان بە چارەنووسی هەموومانەوە هەیە، ئەی بۆچی سەرکردەی کورد پرس بەو هەموو جەماوەرە ناکەن؟ من وا هەست دەکەم رۆشنبیری کورد زۆر بێدەنگە لەئاستی ئەو مەسەلە گرینگانەدا. من کارم بەسەر هەواداری حیزبەکانەوە نیە، چونکە ئەوان سەرکردەکان هەرچییەك بڵێن ئەوانیش هەر ئەوە بەچاك دەزانن، چونکە توانانی خوێندەوەیەکی رەخنەگرانەیان نیە. ناکرێ هەموو رۆژێ یەلتسین هەڵەیەك بکات و خەڵك بۆی داپۆشێ. ناکرێ ئەوان واز لەکەرکووك بێنن و ئێمە لەئاستی ئەو مەسەلەیەدا بێدەنگ بین. ناکرێ سەرکردەی کورد واز لە سێ جێگای خۆیان بهێنن و بیدەنە جەلادی وەکو وەفیق سامەڕائی و ئێمە بێدەنگ بین. ناکرێ وەفیق کە دەستێکی باڵای لە هەڵەبجە و ئەنفالدا هەبوو، دووبارە سەرکردەی کورد بیهێنێتەوە بۆ هەولێر و ئێمە بێدەنگ بین.

دەکرێ کۆنگرەی لەندەن بۆ هەندێ لایەن سەرکەوتنێکی باش بێت، بەتایبەت شیعەکانی سەر بەئێران، بەڵام بۆ ئێمەی کورد شکستێکی گەورە بوو. چەنکە هیچ نەبێ بەر لە کۆنگرەکە سەرکردەی کورد دەیووت کوردستان پەیوەندی تەنها بەکوردەوە هەیە و کەرکووك دەبێ ببێ بە پایتەختی کوردستان و کورد فیدراڵی دەوێ، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا لەوەش پاشگەز بوونەوە و کەرکووك کرا بەشارێکی هاوبەشی کورد و عەرەب و چارەنووسی فیدراڵی خرایە ژێر دەستی عەرەبەوە.

faiek@hem.utfors.se